# ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد




نووسینی: فردیناند هێنربیشلر "Ferdinand Hennerbichler"

فردیناند هێنربیشلر لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٦ی شاری لینزی نەمساو، لە زانستگەی شاری ڤیەن لە بواری مێژوو و زانستی زمانناسیدا دەرسی خوێندووە (١٩٦٥ تا ١٩٧٣)، لە حەفتاکانی سەدەی بیستەوە خۆی بە کولتوور و مێژووی نەتەوەی کوردەوە خەریك کردووە و لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە بە شێوەی بەردەوام چەندین کتێبی لەسەر ئەو تەوەرە بڵاو کردۆتەوە(بۆ وێنە دوو کتێبیتری بریتین لە: **ئازادکردنی بارمەتە لە کوردستان** "Geiselbefreiung in Kurdistan" و مردن بۆ ئازادی " Die für die Freiheit sterben". ساڵی ٢٠١٠ کتێبی "ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد"ی بڵاو کردەوە. هێنربیشلر لە ٢٧٠ لاپەڕەی کتێبەکەدا بە شێوەی زانستی هەوڵیداوە سەرچاوەکانی ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد ڕوون بکاتەوە. (تایبەتمەندیی کتێبەکە: ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد، هەواڵێکی خەڵك ناسیی، کۆکراوەیەك لە بڵاوکراوەکانی خەڵك ناسیی مێژوویی لە شاری وین، بڵاوکراوەی ڕۆژی ٢٠ی مانگی جولای ٢٠١٠)

ناوبراو بەو تاقیکارییە زانستییەی وا لەسەر نەتەوەی کوردی بەڕێوەبردووە، نەك هەر باسێکی نوێی لەسەر ڕەچەڵەکی نەتەوەی کوردی هێناوەتە ئاراوە، بەڵکوو لەڕێگەی پەیوەندایەتی زانستی کەونارناسی لەگەڵ پشکنینی ژێنێتیکی و زانستی زمانەوانییەوە، زنجیرە بەڵگەیەکی خستۆتە بەردەست کە لە ئەنجامیدا نەتەوەی کورد وەك خەڵکانی کۆچەری ئێرانی

لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەیر ناکرێت بەڵکوو بە وەچەی ڕاستەوخۆی مرۆڤی ڕاوکەر و کۆکەرەوەی سەردەمی بەردین و نیئۆلیتیک "neolithisch" ی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەناسرێت.1

ئەو کارە بۆتە هۆی سەلماندنی تیئۆرییەکەی خۆی کە پێش زایینی عیسادا کۆمەڵێکی کورد لە هەمان ئەو ناوچەیە ژیانیان کردووە کە لەمڕۆدا وڵاتێکە بەناوی کوردستان. فردیناند هێنربیشلر لە نووسراوەکانی پێشوویدا تێزێکی پەرە پێداوە کە لەویدا نەتەوەی کوردی وەك تێکەڵاویی خەڵكانێك بە نەتەوەی جیاواز زانیوە کە کۆنترین خەڵکانی ئەو ناوچەیەیان پێك هێناوە.2 ڕۆژهەڵات ناسانی ئاڵمانی لە سەدەی ١٩ دا کورد بە وەچەی مادەکانەوەی دەنووسێنن - ڕیوایەتێك کە لە لایەن ڤلادیمیر مینورسکی "Wladimir Minorski" ڕۆژهەڵات ناس و ئێران ناسی ناوداری ڕووسی و چەند نووسەری بریتانی و فەرانسیشەوە ڕاگەیەنراوە و لەناو ناسیۆنالیستە کوردەکاندا بە قایمی جێگیر بووە.

1 ئەو بۆچوونە پێشتریش هەبووە بەڵام پەسندی ژێنێتیکی لەگەڵدا نەبووە. مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگ دوای پشکنینی دەیان سەرچاوەی ئورووپایی و عەرەبی، ڕەچەڵەکی کورد دەباتەوە سەر قەومی لوللو، گۆتی، کاسای و سوبارۆ (هوری)، کە کۆتایی باشووری ڕۆژهەڵاتی خاکەکەیان شوێنی عیلامییەکان بووە ئینجا لە قسەکانی خۆی بەم شێوەیە ئاکام وەردەگرێت: "...ئەم ئەقوامە (بێجگە لە عیلامی)، ئەبێ ئەسڵی هەرە کۆنی کورد بن کە لە ئەدواری سوممەری و ئاکادی و لەمبادیی دەورەی ئاسوریدا فەعالیەتی سیاسییان بینراوە. لافاوی موهاجەرەتی عونسوری هیند وئەورووپی یا "ئاری' بۆ زاگرۆس... ئەبێ بەقایای ئەهالیی ئەسڵییەی زاگرۆس و کوردستانی بەرەبەرە خستبێتە ژێر نفووزی خۆیەوە و کردبنی بە ئاری..."( محەمەد ئەمین زەکی، "کورد و کوردستان"، جڵد ١ و ٢ و ٣، چاپی بەغدا ١٩٣١، لە چاپدانەوەی انتشارات سیدیان، مەهاباد، ساڵی ١٩٧٩(؟)، فەسڵی دووهەم، بەرگی یەکەم "منشأ کورد"، لاپەڕە ٦٣) زۆر توێژێنەری ئورووپی هەر لە کۆنەوە بنەمای کوردیان گەڕاندۆتەوە بۆ سەردەمی پێش هاتنی ئارياييەکان. بۆ نموونە، درایڤرG R Driver لە دۆزینەوەی بنەماکانی وشەی 'کورد'دا، دەیباتەوە سەر "قەردە"ی سومەری و "قورتی"ی ئاشوری کە زەمەنیان نزیکەی دوو یان سێ هەزارە پێش هاتنی ئاریاییەکان بووە.

2 ئەو بۆچوونەش لەگەڵ ئاکام وەرگرتنەکەی ئەمین زەکی بەگدا (سەرەوەتر)،یەک دەگرێتەوە.

ئەزموونی تاقیکاریی زانستیی نوێ، کە لە لایەن فردیناند هێنربیشلرەوە شیکراوەتەوە و ئانالیزە کراوە، جارێکیتر ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو ڕیوایەتانە هیچ بنەمایەکی زانستییان نەبووە. بەو حاڵەش تاقیکارییە نوێیەکانی ئەمجارە ئاماژە بەوە دەکەن کە پێشینیانی هەموو ئەو نەتەوانەی وەك یەهوودی، کورد و ئەرمەنی و ... کە لە کولتوورێکی پێشکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دێرینی قوڕنەی ئاسیا سەرچاوەیان گرتووە، یەك بوون. (لاپەڕەی ١٦) هاوکاتیش کارە زانستییەکەی ئەو، ئەو تێزە هەڵدەوەشێنێتەوە کە کورد وەك وەچەی دواییِنی ئێرانی و فارسەکان ناسراون. فردیناند هێنربیشلر بەو تاقیکارییە نوێیەی توانیویە کۆی کۆمەڵە کوردێکی سەربەخۆی ئاڵۆز نیشان بدا کە پێشینەیان تا سەردەمی کەون و لەوانەیە بۆ پێش ئەو سەردەمەش بگەڕێتەوە. [نووسەر باس لە سی هەتا پەنجا هەزار ساڵ دەکات]

ڕەچەڵەکی نەتەوی کورد بۆ تەنیا گرووپێك ناگەڕێتەوە بەڵکوو بە چەند قەومییەتەوە دەلکێندرێ (لاپەڕە ١٦). لە ڕوانگەی گرنۆت ویندفۆرس "Gernot Windfuhrs" پرۆفسۆری بریتانییەوە، فردیناند هێنربیشلر لەسەر ئەو "کوردە ئاڵۆز"ە ئاخافتن دەکا کە مرۆڤی کوردی ئاخێوەر بە زاراوەی کوردی "زازا" - و "گۆران"یش لەخۆی دەگرێ و سەرچاوەیان بە یارمەتی ژێنێتیک و پشکنینی زمانەوانیی تاقیگاکان دەسپێرێت. جێگەی سەرنجە لەو پەیوەندییەدا زاراوەی زازایی نەك هەر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە جیاوازیی لەگەڵ زاراوەی کرمانجی هەیە، بەڵکوو بە ڕاشکاوییەوە لە ڕوانگەی ژێنێتیکیشەوە جیاوازیان هەیە: لەسەر گرووپی زازا نەیانتوانیوە لە (د. ن. ئا) کەیاندا بەشداریی ئاسایی (J2-M172) بسەلمێنن. ئەو جیاوازییە مرۆڤی زازا لە هەموو کوردەکانیتر جیا دەکاتەوە و وێدەچێ پەرەسەندنێکی تایبەتیان بووبێت (لاپەڕە ١٨).

وێناکردنێکی پان و بەرین لە تاقیکاریی و شیکاریی ژێنێتیکی لەسەر کورد و خەڵکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە بەڵگەی کۆنەناسیی لەسەر چەمکی "کورد" درێژەی هەیە. لێرەدا بەهۆی بەڵگەی بەهێز بۆ نووسەر

مسۆگەر بووە کە لە ناوی نارامسین "Naram-Sîn" (٢٢٧٣ تا ٢٢١٩ی پێش زایین) هوە تا چەمکەکانی مودێرنی دیکە، گەڵاڵە بکا و نیشانەی بەرچاو بدۆزێتەوە و بە یارمەتی ئەوان پەیوەندایەتیی شارسازیی نێوچۆمان واتە میزۆپۆتامیا و ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان نیشان بدات. بەتایبەت لە نیزیکی ناوچەی چیای شنگاڵ "Gebel Sinjar" نووسەر پاشایەتییەکی بچووك بە ناوی کوردا " Kurda" دەخاتە بەرچاو کە دانیشتووەکانی لە ئارشیڤی ماری[3] دا بە ناوی کوردەیت " Kurdaite" ناسراون. سەرەڕای ئەوەش نووسەر بە شێوەیەکی بەرچاو، سەرکەوتووانە زنجیرەیەك ناوی نەریتی کۆکردوونەتەوە کە تا سەردەمی ئێستای نەتەوەی کورد دەگرنە خۆ. دیارە ناوەکان لە زمانی کوردی ئەمڕۆییدا کەڵکیان لی وەرناگیرێ بەڵکوو گەلێك بەربڵاوترە: بە شێوەی گشتی ناوەکانی "کاردا" و "کوردا" و "کورتی" وەك ناوی کۆکراو بۆ خەڵکانی شاخاوی جێی تێگەیشتنە. ئەو ناوانە قەومێکی تایبەت دیاری ناکەن (لاپەڕەی ١٩٨).

سەرئەنجام زنجیرەی بەڵگەی کۆنەناسیی ڕێی خۆی لە نیوان بەڵگەی زمانەوانییەوە تێپەڕ دەکا و نەتەوەی کورد لەگەڵ زمانەکانیتری ناوچەکە و بەتایبەت زمانی یاغنوبی "Yaghnobi"[4] هەڵدەسەنگێنێ. بە کەڵکوەرگرتن لە نموونەی گڕاماتیکی "Ergativität" لە زمان و زاراوە جیاوازەکانی کوردی، کارتێکەریی هووری- ئورارتوویی "Hurro-Urartaischen" وەك زمانێکی زەمانی ئارامیی کۆن " Alt-Aramäischen" دەسەلمیندرێ. لە ڕوانگەی نووسەرەوە شێوەی گڕاماتیکی هەر وەك لەمڕۆشدا لە زمانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبینرێ ئاماژە بە سوننەتی زمانەوانی دێرینەناسی دەکا، تەنانەت ئەگەر هەموو لایەنی زمانەکە بە تەواوی شێوازێکی

---

3 ئارشیڤی ماری ، ماری شارێکی مێزۆپۆتامیا، لەمڕۆدا شاری تیل حەریری " Tell Hariri" لە وڵاتی سورىيایە.

4 زمانی یاگنوبی زمانێکی ئێرانییە، بە دایکی زمانی سوغدی دەزانرێت و لە هەندێک شوێنی تاجیکستان ئاخافتنی پێ دەکرێ.

زمانەوانی نەبێ و تەنیا لە ڕابردوودا بەکاریان هێنابی و فۆرمی خۆیان لەمڕۆدا ڕانەگرتبێ (لاپەڕەی ٢٠٨).

لە کۆتاییدا فردیناند هێنربیشلر ئەو تێئۆرییە دەسەلمێنێ کە زمانی ئێستای نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە کۆنەکانی پێش ئێران و تەنیا لە ڕەوتی مێژووییدا کردوویانە بە زمانی ئێرانی. هەروەها نیشانی دەدا کە لانیکەم لە سەردەمی دێرین (ئانتیک)دا کورد لەو ناوچەیەدا ژیاون و بوونیان بووە. ئەو بەڵگەهێنانەوەی نووسەر جێی متمانەیە و دەتوانێ مرۆڤ قانع بکات؛ لە داهاتووی کوردستانناسیشدا دەبێ لەبەر چاو بگیرێت. سەرەڕای ئەوەش ڕەخنەی بەهێزی سەرچاوەیی بۆ کەڵکوەرگرتن لە زانیارییەکانی پشکنینی ژێنێتیکی بۆ پەرەپیدانی کۆمەڵایەتی، زۆر جار لەجێی خۆیدایە و گەلێك دڵخوازە. سەرەڕای ئەو کێشەیە فردیناند هێنربیشلر بەڵگەیەکی جێگەی باوەر لەبەر دەست دادەنێ کە دەیسەلمینێ بوونی کورد بۆ سەردەمیکی گەلێك کۆن واتە کەوەن دەگەڕینێتەوە و چاوەڕوان دەکرێ ڕێگاخۆشکەر بێ بۆ پەرەپێدانی زانستی زمانناسی، ئێرانناسی و کوردناسی.

ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆکان

٢٦ی ئاگوستی ٢٠٢٠